ژمارەی مۆڵەت 92

زنجیرە ڕێنمایەکانی دێرین ژمارە ١

# حوکمی

# سوێندخواردن بە غەیری خودا

www.Fermude.com

پەرتوکخانەی دێرین/ سۆران

## پێشەکی

ان الحمد لله نحمده و نستعينه ونستغفره و نعوذ بالله من شرور أنفسنا ومن سيئات أعمالنا، من يهده الله فلا مضل له ومن يضلل فلا هادي له،وأشهد أن لا اله الا الله وحده لاشريك وأشهد أن محمداً عبده ورسوله وبعد...

فإن أصدقالحديث كتاب الله وخير الهدي هدي محمد ﷺ وشر الأمور محدثاتهاوكل محدثة بدعة وكل بدعة ضلالة وكل ضلالة في النار

خوێنەری بەرێز:

ئەم نامیلکەی بەردەستت بابەتێکە لەسەر هاوبەش دانان بۆ خودای گەورە کە بەڕاستی خەڵکێکی زۆرلێی بێ ئاگایەو پێویستەلەسەرمان کەوا خەڵکی لێ ئاگادار بکەینەوە چونکە شرك دەبێتە هۆی بە تاڵ کردنەوەی عەمەلەکان و هەڵوەشاندنەوەی تەوحید و یەکتاپەرستی و وە دەبێتە هۆی چوونە دۆزەخ خوا پەنامان‌دات،سوێند خواردنیش بە غەیری خودای گەورە یەکێکە لە هاوبەش دانان،هیوادارم پەندوئامۆژگاری بێت بۆ هەموومان وبتوانین خزمەتێك بە دینەکەمان بکەین و سودێك بێت بۆ قیامەتمان .

# مەترسی هاوبەش دانان بۆ خودای گەورە لە قورئانی پیرۆز

خوای گەورە دەفەرموویت﴿يَا بُنَيَّ لَا تُشْرِكْ بِاللَّهِ إِنَّ الشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ﴾ سورە لقمان / ١٣

واتە: لوقمان بە کوڕەکەی فەرموو ئەی کوڕی خۆشەویستم هاوبەش بۆ خوای گەورە بڕیار نەدەی ، چونکە بەراستی هاوبەش دانان بۆ خوای گەورە گەورەترین ستەمە.

خوای گەورە دەفەرموویت﴿وَمَا يُؤْمِنُ أَكْثَرُهُمْ بِاللَّهِ إِلَّا وَهُمْ مُشْرِكُونَ﴾ سورە يوسف/ ١٠٦

واتە:زۆربەی خەڵکی هەرچەندە بڕوایان هەیە کە خودای گەورە دروست کەرەو ڕۆزی دەرە بەلأم لەگەڵ ئەوەیشدا هاوبەش بۆ خودای گەورە بڕیاردەدەن .

خوای گەورە دەفەرموویت

﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَنْ يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَنْ يَشَاءُ﴾ سورە النساء / ٤٨

واتە: بێگومان هەرگیز خودا لە هاوبەش دانان نابورێ و خۆشنابێت ،وەهەر گوناهێکی تر لە خوار شرکەوەبێ،پێدەچێ خودا لێی خۆش بێ ،بۆ هەر کەس کە خودا خۆی بیەوێ

# مەترسی هاوبەش دانان بۆ خودای گەورە لە فەرموودە صەحیحەکانی پێغەمبەری خودا ﷺ

خودای پەروەردگار خۆی بۆ خۆی سوێند دەخوات بە هەر شتێك لە مەخلوقات و دروستکراوەکانی خۆی کە بیەوێ ، بەلأم بۆ مخلوقات دروست نی یە سوێند بخون بە غەیری خودا . وەیەکێك لەو تاوانانەی کە زمانی خەڵکێکی زۆر لەسەری ڕاهاتووە و بە زمانیاندادێ سوێند خواردنە بە غەیری خودا .

سوێند خواردن خۆی بۆ خۆی جۆرێکە لە بە گەورەگرتن و شکۆمەندی بۆ ئەو کەسەی یان بۆ ئەو شتەی کە سوێندی پێ دەخورێ ،بۆیە ئەو شکۆمەندی و گەورەیەش شایستە و شیاوی هیچ کەس نییە تەنها (اللە) نەبێ .

(عبداللە)ی کوڕی (عمر) لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەیگێڕێتەوە کە فەرموویەتی :

**(ألا إن الله ينهاكم أن تحلفوا بآبائكم من كان حالفا فليحلف بالله أو ليصمت)**[١] .

واتە: وریابن خودای پەروەردگار حەرامی کردووە لە سەرتان کە سوێند بە باوك و باپیرانتان بخۆن،جا هەر یەك لە ئێوە سوێندی خوارد بابە خودا سوێند بخوات یا خود بێ دەنگ بێ .

(عبداللە)ی کوڕی (عمر) لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەیگێڕێتەوە کە فەرموویەتی:

**(من حلف بغير الله فقد أشرك)**[٢].

واتە:هەر کەس بە غەیری خودا سوێندی خوارد ئەوا هاوبەشی بۆ خودا داناوە .

وە دەفەرمووێ: **(من حلف بالأمانة فليس منا)**[٣].

واتە: هەر کەس سوێند بە ئەمانەت بخوات ، ئەوا لە ئێمە نی یە.

کەوابوو: دروست نی یە سوێند خواردن نە بە کەعبە ،وەنە بە گەورەی پێغەمبەر و پیاوچاکان، وەنە بە ئەمانەت ،وەنە بە شەرەف ،وەنە بە تەلاق ،وەنە بە سەری خۆم ، وەنە بە گۆڕی فلان ، وەنە بە ژیانی فلان ،وەنە بە بەرەکەتی فلان،...

هەمووی ئەمانە حەرامن.

## كەفارەتی سوێند خواردن بە غەیری خودا

هەركەس سوێندێكی خوارد بە غەیری خودا ئەوا كەفارەتەكەی ئەوەیە بڵێ(لاإلە إلاالله) هەروەكو لە (حديث) ی (صحيح) داهاتووە:

**(من حلف فقال في حلفه واللات والعزى فليقل لا إله إلا الله)**[٤].

واتە:هەر كەس سوێندێكی خوارد و لە سوێندەكەیدا وتی بە(لات) و (عوزا). باپەشیمان ببێتەوە و بڵێ(لاإلە إلاالله).

## هەندێ گوفتاری شیركی و حەرام

هەروەها لە وێنەی ئەم باسە كۆمەڵێك ووتە و گوفتاری شیركی و حەرام هەیە كە بە زاری هەندێ لە موسڵمانانەدا دێ ، لە وانە :(پەنادەگرم بە خوا و بە تۆ ، پشتم بەستوە بە خوا وبە تۆ،ئەمە لە خوا و لە تۆ وەبوو،كەسم نی یە تەنها خوا و تۆ نەبێ،خوام هەیە لە ئاسمان و تۆش لە زەوی،ئەگەر خوا و فلاڵن نەبایە دەمرد،بێ ئیمان بم ئەگەر وانە بێ ، خەریكە ئیمانم نا مێنێ،ئۆ ساڵی نائومێدی و نەگبەتی بوو(هەروەهاهەر وشە یەك جنێو و قسەی خراپی تیابێ بەرامبەر كات و زەمانە وەكو دەوترێ ئەمە زومانێكی خراپە ئەم ڕۆ نەگبەتی بو،ئەمانە هەمووی حەرامن چونكە جنێودان بە زەمانە دەگەڕێتەوە بۆ خوا كە زەمانی دروست كردووە).

وەهەرناوێك (عبد)ی تیابێ بۆ غەیری خوا حەرامە وەكو (عبدالمسيح،عبدالنبی )
(عبد) تەنها بۆ ناوە جوانەكانی خودای گەورە یە.وەكو (عبدالرحمن ،عبدالسلام )
هەروەها لەو زاراوە و دەستەواژە و دەربڕینانەی كەپێچەوانەی(تەوحید)ەو

هەڵوەشێنەرەوەیەتی وحەرامن لە وانە ئیشتراکیەتی ئیسلام،دیموکراتی ئیسلامی،ویستی گەل لە ویستی خواوەیە ، دین بۆ خوا و نیشتیمانیش بۆ کۆمەڵگا ، بە ناوی گەلەوە .
هەروەهابەکارهێنانی ووشەی(سید)وهاوماناکانی کە بەکاردەبرێ بۆکەسانی منافق وکافر ئیترجیاوازی نی یە ئەو وشەی (سید)ە بەعەرەبی بگوترێ (وەکو دەوترێ سید فلان) یابە زمانێکی تر بوترێ (وەکو دەوتری گەورەم)ێ
هەروەها بەکارهێنانی ووشەی (ئەگەر) حەرامە،کاتێك مانای نارەزایی و پەشیمانی و خەفەت ومەراق ببەخشێ (وەکو دەوترێ ئەگەر ئەمەم بکردایە ئاوادەبوو، ئەگەر نەرۆیشتایە نەدەمرد، ئەگەر لە بەر فلانی نەبایە زەرەرەکی زۆرم دەکرد) . ئەم قسەیە دەرگایەکە بۆ شەیتان و وەسواسە دەخاتە نێو دڵ .
هەروەها ووتنی (**اللهم اغفرلي إن شئت**) خوایە لێم خۆش بە ئەگەر بتەوێ .
بڕواداری باوەڕ بە هێز و چاکەکار چاکتروباشترە لە لای خودای گەورە لە بڕواداری باوەڕ لاواز بۆیە پێویستە لە سەرمان لە هەمووکارەکانمان پشت بە خودای گەورە ببستین و وەهەرکارێکمان ویست بیکەین و سەری نەگرت ئەوە پێویستە بڵێین (**قدر الله وماشاء فعل**) (٥)
واتە : بڕیاری خودای گەورەیە و ئەوشتەی ویستی بوو کردی و ئەنجامی دا .

## ئامۆژگاری

خوێنەری خۆشەویست ئەگەرکەسێك سوێندی بەغەیری خوداخوارد با پەشیمانببێتەوە یەکسەر بڵێ(لاإله إلاالله).دیارە ئەم فەرموودانەش فەرموودەی پێغەمبەری خودایەﷺ

ئەویش لە لای خودا بۆی هاتۆتە خوارەوە لەبەر ئەوە با بە خۆمانا بچینەوە لە غەیری خودا سوێند بە هیچ شتێك نە خۆین نە بە بەسەری باوكمان نە بە سەری خۆم نە بە سەری تۆ نە بە گۆری كەسێك نە بە شێخێك و نە بە شەرەف و نە بە نیشتیمان و بە هیچ دروستكراوێك چونكە ئەوە نەهی لێكراوەلە سەر زمانی پێغەمبەری خودا ﷺ ئەگەر ڕاست بكەین ئەومان خۆش ئەوێت و شوێنی ئەكەوین با بە قسەی بكەین و خۆشەویستی خۆمان بۆ خودا و پێغەمبەرەكەی ﷺ بسەلمێنین .

هەروەكو خودای گەورە دەفەرمووێت

(وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَىٰكُمۡ عَنۡهُ فَٱنتَهُواْ) سوره الحشر / ٧

واتە: ئەوەی كە پێغەمبەر بۆی هێناون فرمانی پێكردون وەریگرن وە ئەوەی ڕێگری لێكردون وازی لێبێنن هەروەها دەفەرمووێت

(قُلۡ إِن كُنتُمۡ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِي يُحۡبِبۡكُمُ ٱللَّهُ) سوره ال عمران / ٣١

واتە: ئەی محمد ﷺ بلێ ئەگەر خواتان خۆشدەوێت،گوێڕاییلی من بكەن و شوێنم بكەون،خواش ئێوەی خۆشدەوێت .بۆیە زانایان ناویان ناوە (ایه الامتحان و الاختیار) ئایەتی تاقیكردنەوە ، بۆچی ؟! چونكە بەوەدا دەر دەكەوێت كە كێ ڕاست دەكات و كێ ڕاست ناكات ، ئەگەر پێی گوترا پێغەمبەر ﷺ وا دەفەرموێت و ئەمری بە فلان كار كردووە ئەویش كردی و گوێڕایەڵی بوو ، وەكە گوترا نەهی كردووە لەو كارە و لەو گوتەیە و حەرامی كردووە ئەویش گوێڕایەڵی بێت،ئەوە ڕاست

دەكات لە خۆشەویستیەكەیدا بۆ پێغەمبەر ﷺوە ئەگەر پێچەوانە بوو ئەوە ئیتر دیارە كەدرۆدەكات و فێڵ لە خۆی دەكات .

والحمد لله رب العالمين وصلى الله نبينا محمد واله وصحبه أجمعين

(١) البخاري انظر الفتح ١١/٥٣٠

(٢) رواه الامام احمد ٢/١٢٥ النظرصحيح الجامع ٦٢٠٤

(٣) رواه ابو داود ٣٢٥٣ وهو في السلسة الصحيحه رقم ٩٤

(٤) البخاري ١١/٥٣٦

(٥) رواه مسلم ٤ / ٢٠٥٢

شێخ ئەلبانی فەرموویەتی :

(طالب الحق يكفه دليل واحد .. وصاحب الهوى لا يكفيه ألف دليل،الجاهل يعلم ..

وصاحب الهوى ليس لنا عليه سبيل..فنسأل الله إما أن يهديه..وإما أن يقصم ظهره .

واته: ئەو کەسەی حەق ویستە تەنها یەك بەڵگەی بەسە .. بەڵاّم ئەو کەسەی شوێن کەوتەی هەوا و ئارەزووە ئەوا هەزار بەڵگەش بەس نییە بۆی ،جا نەفام و نەزان دەبێت فێر بکرێت.. وە شوێنکەوتەی هەوا و ئارەزوو ئێمە هیچ رێگە چارەیەکمان نییە بۆی .. بۆیە داوا لە خوا دەکەین یان ڕێی راستی پیشان بدات وە یان پشتی بشکێنێت .

فتاوى كبار

لەبلاّوکراوەکانی پەرتوکخانەی دێرین / سۆران